# بۆ ڕابردوویەك، كە ئایندە دەیشێوێنیٚ.

بەكر ئەحمەد

ئیلهامی ئەم شیعرە، گۆرانییەكی "میكل ڤییێی" گۆرانیبێژی سویدە.

سەوزەفرۆشەكانی كۆڵان دەیناسین.
ئەو ژنانەیشی لە شاییدا فەقیانەكانیانمان بەیەكەوە گرێدەدان.
ئەو ئەفەندییانەیشی بەناوی پیاسەوە
لەگەڵ كچانی گەڕەكدا دڵدارییان دەكرد و
ئێمەش ڕێمان پێدەگرتن.
پێنج ناو بووین.
بن عەموودی سەر كۆڵانێك، ئێواران دەیگرتینە خۆ.
پێنج دەنگ بووین.
یەكێكمان لە كوردایەتی بەولاوە، چیرۆكێكی دیكەی نەبوو بیڵێت.
دووەممان، پڕ بوو لە شیعر.
سێیەممان، هەمیشە بە خۆیی و گیتارێكەوە.
چوارەممان، لە كتێبەكانی نوسی بوو: ماڵێك گەورە، پارەیەك مۆڵ، سەیارەیەك، ژنێكی جوان.
پێنجەمیشیان خۆم بووم، پڕ لە نوكتە، پڕ لە شەرم.
دوای مەكتەبیش، ئەرخەوانێك لەسەر قەبران لە خۆی كۆدەكردینەوە.
لە پاش خوێندنەوەی كێلەكان،
پاش تووڕدانی بەردی ئەو مەلا كوێرانەی
دوای خوێندنی فاتیحایەك لەسەر گۆڕ بەجێیاندەهێشت
گیتارێك و پێنج دەنگ و پێنجی خەونی جیاواز
سەرقەبرانمان دەكرد بە ماڵێك بۆ ژیان.
ئێستا گەورەین.
یەكەممان بووەتە ئەفسەری ئاسایش.
دووهەممان، دیواری زیندانێك بووە لاپەڕەی یەكەم شیعری.
سێیەممان ڕۆژنامە نووسە، ڕێپۆڕتاژی سەرۆك نەبێ، ڕاپۆڕتێكی دیكەی نییە.
چوارەممان، لە پیاوی ناو دۆلار دەچێت و بە زمانی دۆلار دەپەیڤێ.
منیش لێرە و لەم دوورەوە، بۆ ڕۆژانی پێكەوەیی زەمانێكم
شیعرێك دەڵێ بمنووسەوە.
بەڵام دەترسم بە تەنها

جگە لە هاوڕێی کوژراوم
کە لە خەونیا دەکرێ سەرنجێکی باتێ
ئەوانی دی
کەسیان دەرفەتێکیان نەبێ، بیخوێننەوە.

4 ئۆکتۆبەری 2003